وەزارەتی دارایی و ئابووری

ژمارە: (٧٤٠٧) لە : ٢٠١٨/٧/١٧

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٢٧٧) لە ٢٠١٧/١٢/٦ وئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە(١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ و نووسراومان ژمارە (٨٧٢٠) لە ٢٠١٢/٥/١٣ و لە پێناو زیاتر ڕێکخستنی کاروباری باج و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و زیادکردنی داهات بڕیاردرا بە :-

ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٨

تایبەت بە کرێی پشکنین

یەکەم: زیاد کردنی کرێی پشکنینی باجی کۆمپانیاکان لە بڕی (١٢٠٠٠)دوانزە هەزار دینار بۆ بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار .

دووەم: کرێی پشکنین لە باجی دەرامەت و کرێی لیژنەکانی خەملاندن :-

١- زیاد کردنی کرێی پشکنینی پیشە لە بڕی (١٢٠٠٠) دوانزە هەزار دینار بۆ بڕی (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار دینار.

أ- بۆ سەرۆکی لیژنە بڕی (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار خەرج دەکرێت بۆ هەر پشکنینێك بە مەرجێك لە (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار تێپەر نەکات مانگانە .

ب- بۆ ئەندامانی لیژنە هەریەکە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار خەرج دەکرێت بۆ هەرپشکنینێك بە مەرجێك لە (١٧٠٠٠٠) سەد و حەفتا هەزار دینار تێپەڕ نەکات مانگانە .

٢- فرۆشتنی فۆرمی راپۆرتی باجی دەرامەت بە بڕی (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار .

سێیەم : کرێی خەملاندن و وردبینی لە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە و کرێی لیژنەکانی پشکنین و تانە :-

١- زیاد کردنی کرێی خەملاندن لە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ بڕی (٨٠٠٠) هەشت هەزاردینار .

٢- زیاد کردنی کرێی ووردبینی لە بڕی (٧٠٠٠) حەوت هەزار دینار بۆ بڕی (١٠٠٠٠) دە هەزاردینار .

٣- خەرج کردنی کرێ بۆ ئەندامانی لیژنەی خەملاندن بۆ هەر ئەندامێك بەبڕی (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار دینار و بۆ ئەندامانی لیژنەی تانە بۆ هەر ئەندامێك بەبڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار دەبێت مانگانە .

چوارەم : سەرجەم ئەو بڕە پارانەی کە پاش خەرجییەکانی سەرەوە دەمێنێتەوە ڕێژەی (٦٠٪) دەبێتە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم و ڕێژەی(٤٠٪) لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیتان دەبێت بە مەبەستی گەشەپێدانی و پەرەپێدانی ئەم بوارە و بەرەو پێشبردنی و بۆ هەر خەرجییەك لەم بوارەدا پێویستە فەرمانی پێ دەربکرێت و لە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانە تۆماربکرێت .

پێنجەم : کار بە ڕێنماییمان ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و نووسراومان ژمارە(٨٧٢٠) لە ٢٠١٢/٥/١٣ ناکرێت .

شەشەم : ئەم ڕێنماییە لەرێکەوتی دەرچووینەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێباز محمد حملان

وەزیری دارایی و ئابووری